# ئەو حکومەتەی گرەوی لە شەیتان بردۆتەوە

فاضل قەرەداغی

ئایار-٢٠٠٤

چەند جارێك وتوومە دەسەلأتی کورد زۆر لێهاتووە کاتێك مەسەلە داهات کۆکردنەوەو پارە خرکردنەوە بێت، ئەم جارە باسی نموونەیەکی تری ئەم لێهاتووە دەکەم کە لەبارەی باجی شیشی تەسلیحە کە بۆ بینا کردن بەکار دێت .

ئەو کاتەی باس دەکەم ساڵی ٢٠٠٢ بوو و یەك تەن شیش ٥٠٠٠ تا ٥٥٠٠ دیناری سویسری بوو و گومرکی یەك تەن شیش (٢٠٠) دینار بوو. ئەو شیشە کە دەهاتە ناو کوردستان ئەو برە گومرگەی دەکەوتە سەر پاشان کە لە شارەکە دەردەچوو و دەچووە شوێنێکی تر دیسان ٢٠٠ دیناری تری دەکەوتە سەر. بەم جۆرەش بە دوو قۆناغ ٤٠٠ دینار گومرکی یەك تەن شیش بوو. دەسەلأتی لێزان بە ناوی کۆمەکی خەڵكو یارمەتیدانی بیناکردنو ئاسانکردنی ئیش نیزامی گومرگی گۆڕیو برِی گومرگەکەی کردە ٤٠٠ دینار بۆ یەك جار ، واتە کاتێك ئەو کەرەسەیە دێتە ناو کوردستان ٤٠٠ دینار بۆ یەك تەن دەسەنرێتو دوای ئەوە ئەگەر دیسان لە سلێمانی بۆ شارێکی تر باربکرێت پارەی لیٚ نادرێت .

ئینجا بزانن حکومەت چەندی قازانج دەست دەکەوت: حکومەت بۆ هەر تەنێك ٤٠٠ دیناری مسۆگەر کرد لە کاتێکدا لە رێژە کۆنەکە هەرگیز ئەم برەی دەست نەدەکەوت چونکە زۆر لەو شیشانە کە دەگەیشتنە سلێمانی هەر لەوێدا سەرف دەبوون و حکومەت تەنها ٢٠٠ دیناری دەست دەکەوتو ٢٠٠ دینارەکەی تری تەنها لەو بەشە شیشە دەستی دەکەوت کە دەچووەوە دەرەوە. ئەگەر ئەمە بکەینە ژمارەو شاری سلێمانی بە نموونە وەربگرین دەبینین ئەو کاتە رۆژانە نزیکەی (١٠٠) تەن شیش دەهاتە ناو شار کە گومرگەکەی ٢٠ هەزار دیناری سویسری بوو ئەگەر تەنانەت ٥٠٪ ئەو برەش بچوایە دەرەوەی شار ئەو کاتە سەرجەم داهات ٣٠ هەزار دینار لە کاتێکدا نیزامە تازەکە ٤٠ هەزار دیناری بیٚ منەتی دەخستە ناو دەستی حکومەت.

ئاوا بە ڕواڵەت حکومەت کارێکی لە بەرژەوەندیخەڵکی کرد بەڵام ئەنجامەکەی قورس کردنی باری سەرشانی خەڵکیو دەستەبەرکردنی برِێکە گەورەتری داهات .. دەبڵێن ئەو حکومەتە گرەوەی لە شەیتان نەبردۆتەوە !